## بۆ/ بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق
## بابەت/ ڕاپورت

**سلاوێكی گەرم...**

**نوسراوتان ژمارە (ك ٩٧٨) لە رۆژی ٢٠١٢/٥/٩ و هاوپێچ وێنەیەك لە بودجەی هەرێمی كوردستان _ عێراق بۆ ساڵی (٢٠١٢) و بودجەی پرۆژە (بەردەوامەكان و پێشنیار كراوەكان و دواكەوتوەكان) گەشتە لێژنەكەمان بفەرموون لە گەڵ وەلاممان سەبارەت پێشنیار و داواكاریەكانمان بۆ بودجەی ساڵی (٢٠١٢) بەم شێوەیە:**

**أ- لێژنەكەمان ڕۆژی ٢٠١٢/٥/١٦ كۆبونەوەیەكی ئەنجامدا بۆ قسەكردن و ڕاگۆڕینەوە و تاوتوێكردنی بودجەی پێشنیار كراو بەردەوامەكان بۆ هەردوو وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان و وەزارەتی كاروباری پێشەرگە لە هەمان كاتدا دوو ڕۆژمان دیاری كرد بۆ كۆبونەوە لە گەڵ هەردوو وەزارەت بۆ گفتوگۆ كردن لە سەر بودجە كە وەرگرتنی ڕاو سەرنجەكانی هەردوو وەزارەت و لێژنەكەمان بەم ڕاپورتە بۆتان دەنێرین.**

**یەكەم/ <u>وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان:</u>**

**ب- رۆژی یەك شەمە لە بەرواری ٢٠١٢/٥/٢٠كات ژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ لە لێژنەی كاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید لە تەلاری پەرلەمان كۆبونەوەیەكمان ئەنجامدا لە گەڵ ستافی وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان كە پێك هاتبوون لەم بەڕێزانە**

**١- بختیار سعید فرج بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی كاروباری شەهیدان.**
**٢- محسین عزیز خزر بەڕێوەبەری ژمێریاری وەزارەتی كاروباری شەهیدان.**
**٣- صبریە نادر علی بەڕێوەبەری پلان دانانی وەزارەتی كاروباری شەهیدان.**

**بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی لێژنە كەمان بۆ گفتوگۆكردن لە سەر پرۆژە (پێشنیاركراو بەردەوامەكانی) وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان بۆ ساڵی (٢٠١٢) ستافی وەزارەت و لێژنەكەمان ئەم سرنج و پێشنیارانەیان لە سەر پرۆژە پێشنیاركراوەكان هەبوو بەم شێوەیە:-**

أ- هەندێ لەو پڕۆژانەی کە دانراوە بۆساڵی (٢٠١٢) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان لە ئەولەویەتی پڕۆژەکانی وەزارەتدانیە و پرس بە وەزارەتی شەهیدان نەکراوە لە دانانی پڕۆژەکاندا کردنەوەی خانوو بۆ وارسی سەربەرزی شەهیدان ڕێژەکەی کەمەو هەندێ لە و پڕۆژانە پێویست نین بۆیە پێشنیار دەکەین ڕێگە بە وەزارەت بدرێت کە گواستنەوە بکات لە پڕۆژەکان بە هەمان بڕی پارەی دیاری کراو لە هەمان پارێزگا.

ب- تجهیز کردنی ئەو مۆنۆمێنتانەی کە تەواو بوون بە کەل و پەل و پێداویستی.

ج- زیاد کردنی ڕێژەی دروست کردنی خانوو بۆ وارسی شەهیدانی سەنگەر.

سەبارەت بە پڕۆژە بەردەوامەکانی وەزارەت لە هەر سێ پارێزگاکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوچە دابرێنراوەکان خوێنرایەوەو گفتوگۆمان لە بارەیەوە کرد کە هەندێکی لە تەواو بوون دایە و هەندێ پڕۆژەی ئیحالە کراوە بەڵام هەندێکی ماوە لە بەر کێشەی دابین نە کردنی زەوی بۆیان لە لایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارەوە بۆیە داواکارین کە چارەسەری کێشەی دابین کردنی زەوی کە ساڵانە دوبارە دەبێتەوە بۆ هەندێ لە پڕۆژەکانی ئەم وەزارەتە چارەسەر بکرێ. پاشان ستافی وەزارەت و لیژنەکەمان ئەم پێشنیارو داواکاریانە دەخاتە بەردەم بەرێزتان و لیژنەی دارایی و ئابووری و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هیوادارین بە هەند وەربگیرێ و بڕیاری پێویست لە بارەوە بدرێ لە بەر خزمەت کردنی زیاتری کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان:-

١- دروست کردنی (٢) نەخوشخانە لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك وەك هاو شێوەی نەخوشخانەی شۆڕش لە پارێزگای سلیمانی بۆ خزمەت کردنی کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە.

٢ - خەرج کردنی دەرماڵە بۆ ژن و منداڵی شەهیدان بەڵام ئەو دەرماڵەیە جیاوازی هەبێت لەو دەرماڵەیەی کە خەرج دەکرێت بۆ فەرمانبەران بۆ باشتر کردنی گوزەرانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان.

٣- دابین کردنی تێچونی کرێ ی خوێندن بۆ منداڵی شەهیدان لە زانکۆ و پەیمانگا و خوێندنگا ئەهلیەکان بە تەواوەتی چونکە تا ئیستا نیوەی بڕی تێچونیان بۆ خەرج دەکرێت.

٤- دابین کردنی بڕێك پارە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ هەڵدانەوەی کۆڕە بە کۆمەڵەکان و هێنانەوەی ڕۆفاتی پیرۆزیان بۆ خاکی کوردستان و بۆ زێدی باوبا پیرانیان.

٥- دابین کردنی زەوی بۆ وارسی شەهیدانی سەنگەر لە لایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارەوە تا ئیستا هەندێکیان زەویان بۆ دابین نەکراوە.

٦- مانگانە(٧٥) حەفتاو پێنج ملیون دانراوە بۆ هاوکاری کەس و کاری شەهیدان لە کاتی نەخۆشیدا بڕەکەی کەمە داواکارین بکرێتە (١٥٠) سەدو پە نجا ملیون دینار.

٧- ئەو کەسانەی کە پڕۆژەی وەبەرهێنان دەکەن بە تایبەت لە بواری نیشتەجێ کردن. حکومەتی هەرێمی کوردستان مەرجێکیان بۆ دابنێت کە ڕێژەیەك لە خانوو دابنێن بۆ کەس و کاری شەهیدان ئەوانەی کە سودمەند نەبوون بە بێ قازانج.

٨- داواکارین کە وەزارەتی شەهیدان ساڵانە بڕێك پارە دادەنێت بۆ کرینەوەی خانوو بۆ کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان ئەو شێوە بگۆڕدرێت بۆ کڕینی شوقە لەو پڕۆژانەی کە لە سنوری شارەکان دروست دەکرێت بە شێوەی قستی مانگانە.

٩- سندوقی هاوکاری شەهیدان تا ئێستا وەك پێویست نی یە و هیچ پڕۆژەو قازانجێکی نی یە بۆ کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید داواکارین ئەو سندوقە کارابکرێت یان نەمێنێ.

١٠- موچەی شەهیدانی هاوڵاتی و تیرور بڕەکەی (١٨٠٠٠٠) سەدو هەشتا هەزار دینارە کەمە بەتایبەت بۆ ئەوانەی خاوەن منداڵن پێشنیار دەکەین موچەکەیان زیاد بکرێت بۆ (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار.

دووەم/ <u>وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە</u>

ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٢٢ لیژنەکەمان کۆبونەوەیەکی ئەنجامدا بۆ گفتوگۆ کردن لە سەر پڕۆژەی بودجەی پێشنیارکراو و بەردەوامەکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ ساڵی (٢٠١٢) لە گەڵ ستافی وەزارەتی پێشمەرگە کە پێك هاتبوو لەم بەڕێزانە

١- جبار یاوەر ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە

٢-لیوا ئەبوبەکر صدیق بەڕێوەبەری گشتی ژمێریاری وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە

٣-عمید / ئاسو عبداللە مارف جێگری بەڕێوەبەری ژمێریاری وەزارەت

٤-ملازم ئەول/ دلشاد حاجی محمود لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری دارایی لە وەزارەت

٥- ماموستا ئوسامە شارەزا لە ژمێریاری لە وەزارەت

داوای گفتوگۆ کردن لە سەر بودجەی پێشنیارکراوی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ ساڵی (٢٠١٢) و ئەو بودجەیەی لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووریەوە نێردراوە بۆ پەرلەمان جیاوازیەکی زوری هەیە بۆیە لیژنەکەمانو ستافی وەزارەت ئەم داواکای و پێشنیارانەیان هەیە:

أ- وەزارەتی پێشمەرگە بودجەی پێشنیار کراوی بۆ ساڵی (٢٠١٢) داوای (١/٩١١/٥٧٨) یەك ترلیون و نوسەدو یانزە ملیارو پێنج سەدو حفتاو هەشت ملیون دیناری کردووە. ئەویش بۆ یەك خستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەو پێك هێنانی لیواکانە کە بڕیاری لە سەر دراوە بۆ ئەوەی هیچ پێشمەرگەیەك لە دەرەوەی وەزارەت نەمێنێ و گۆزەرانی پێشمەرگە وەك هەموو تاکێکی کۆمەڵگە باشتر بکرێ بەڵام وەزارەتی دارایی ئەو بڕەی کەم کردوتەوە بۆ (٩٥٠) نوو سەدو پەنجا ملیار دینار ئەو کەم کردنەوەیە ئەبێتە هۆی یەك خستن و

دانەمەزراندنی لیواکان و باش نەبونی ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە بۆیە داواکارین وەزارەتی دارایی لە بابەکانی بودجەی گشتی چارە سەری ئەو کێشەیە بکات

ب- داوا دەکەین بە هیچ جورێك ئەو بڕانەی لە بودجەی پێشنیارکراوی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ بابەکانی (سلع-تعویزاتی موەزەفین - نەفەقاتی غەیرە مالی) کەم نەکرێتەوە چونکە لەلایەن وەزارەتی دارایی یەوە دەست کاری کراوە

ج- هەر چەندە لە ساڵی (٢٠٠٧) وە بڕیار بووە وەزارەتی بەرگری عێراقی فیدراڵ بەشە بودجەی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات بەلاّم ئەو بڕیارە نە چوتە بواری جێ بە جێ کردنەوە ئەو بودجەیەی ساڵانە لە لاّیەن حکومەتی هەرێمەوە دادەنرێت بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و وەك سولفە دەدرێت بکرێتە بودجە وەك وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

د-جیاوازیەکی زور بەدی دەکرێ لە نێوان بودجەی تەخمین کراوی وەزارەتەکان و بودجەی پێشنیارکراوی وەزارەتی دارایی بۆ پەرلەمان داوا دەکەین بەرێز وەزیری دارایی رونکردنەوە لەو بارەیەوە بدات.

لەگەڵ رێزماندا....